# هیگل لەدوا یاداشتنامەی ژیانی خۆیدا

هاشم سالْح　　و: ئاوات محەمەد　　( 2-2 )

هیگڵو شیلنگو هۆلدرلین وا ئاراستەکرابوون، کەلەبنەمادا ببن بەرێوانی ئایینی، واتە کاهین، لەپاڵتۆی لاهوتی دینییەوە فکرو شیعر وەك مەزنترین شت هاتنەدەرێ، هەرسێکیان بەسەر ئەو دۆگمایییەی ئایینی باوداَ لەسەدەی خۆیاندا شۆڕشیان بەرپاکرد.

ئەو ئایینەی لەزانکۆی توبنگین پێی ئاشنابوون، هەق نییە نیتشە زۆر گاڵتەیان پێبکات، هەروەها هیگڵ کوڕی قەشەیەکی پرۆتستانتی بووە، هەوڵی زۆری داوە تاکو خۆی لەو پەروەردە ئایینە رزگاربکات، کەزۆر بەسەریەوە قورس بووە، لەکۆلێژی لاهوتدا کەخاوەنی سیستمێکی توندبووە، ئەم سیانە کتێبی حەرامکراویان دەخوێندەوە، واتە کتێبەکانی کانت، جان جاك رۆسۆ، فیختەو لیسنگ، یارمەتیدەدان خۆیان لەوانەکانی لاهوت بدزنەوە، لەئامۆژگارییە تەقیلدییە جارسکەرەکانی، لەواقیعدا کۆلێژی لاهوت لەبری ئەوەی لەئایین نزیکیان بخاتەوە، لەئایین دووری خستنەوە، لەبەرئەوە لەلاهوتی ئایینییەوە بەرەو فەلسەفە هەنگاویان نا، ئەوەیان رەتکردنەوە پاش دەرچوونیان ببن بەپیاوانی ئایین، هولدرلین رستە بەناوبانگەکەی خۆی گوت، پێم باشترە ببم بەداربڕی دارستانەکان، لەوەی ببم بەپیاوی ئایینی، پرۆتستانتی لەو کاتەدا ببوە باوەڕێکی عەقیدەیی دۆگمایی بەبەردبوو، هەروەك کاسۆلیکیەتی لێهاتبوو، لەبەر ئەوە دەبوایە لەدەرەوەی ئەو هەناسەیان بدایە، وەك کاردانەوەیەکی رەواو تێگەیشتوو دژی بووەستانایەتەوە، ئەم سیانە هیگڵو هولدرلینو شیلنگ ماوەی بیست ساڵ لەو کاردانەیەدا ژیان، دژی هەموو ئەوانە وەستانەوە لەکۆلێژی لاهوت فێری ببوون، ئەوەی زۆر بێزاریکردن ئەو کەشی کەڵەكو درۆیە بوو، کەلەوێدا باوبوو، کەئەمە دەڵێین، ئایین بانگەوازی راستی دەکات، ویستیان بەم کەشە رزگاریان بێتو بەدوای هەقیقەتی پاكو بێگەرددا بگەڕێن، بەم شێوەیە بوون بەکانتیو فیختەیی (واتە بوون بەلایەنگری فیختە).

باسیان لەبنەمای ئاکاری دەکرد، بەڵام بەزمانێکی نوێ گوزارشتیان لێوەدەکرد، پێویستە درۆنەکرێت، زۆر سەرقاڵی دۆزینەوەی هەقیقەت بوونو بەدوایدا دەگەڕان، لەژێر دەمامکی جیهاندا بەدوایدا دەگەڕان، پاش دۆزینەوەی لەناو خەڵکدا بڵاویبکەنەوە، لەنێو خۆیاندا لەپێناوی هەقیقەتدا سوێندیان خوارد، بەئایینێکی ناوەوەی خۆیان پەیوەست بن، لەو ئایینە دیارو شکڵانییە باوەی خۆیان جیاوازتر بێت.

ئەم سیانە هەستیانکرد، کەبەرپرسانی کۆلێژ دەیانەوێت لەناو سیستمی گشتیدا بیانتوێننەوە، ئەویش لەڕێگەی گەندەڵکردنێکی بەئەنقەستەوە، لەبەرئەوە هەڵچونو نەچوونە ناو یارییەکەوە، ژیان هێشتا بڕستی لێنەبڕیبوون تاکو ئامادەیی سازشو رێککەوتنیان هەبێت، ئاماژەیان بەپێداویستی مێژوویی و سوودی ئەو رۆشنبیرییە گەندەڵو بۆگەنکراوە نەدەدا، کەپاشتر هیگڵ شیکردنەوەی زۆرباشو رۆشنی لەسەردەدات، کەسانی ئایدیالیستی تازەپێگەیشتوو بوون، پڕبوون لەخەونی وەنەوشەیی، ئایدیالیستییەکەیان رەمەکی بوو، تەنیا بەئاسمانی فکرەوە پەیوەندی هەبوو، لەو باوەڕەدابوون، کەتەنیا فکر دەتوانێت جیهان بگۆڕێت، هێشتا نەکەوتبوونە ناو گێژاوی ژیانەوە، ئایا جان جاك رۆسۆ، کەبەدزییەوە دەیانخوێندەوە باسی لەهەقیقەت وەك نموونەی باڵانەدەکرد؟ ئایا ئەوە کانت نەبوو دەیگوت راستگۆیی و حەقیقەت وەك ترۆپکی رەها وایە؟ ئەوە فیختە نەبوو دەیگوت هەموو جیهانیش تێکدراوە پێویستە داد بەرجەستە بێت؟ هەرهەموویان بەهاکانی ئایدیالیستیان بڵنددەکردەوە، بەڵام قوتابییەکان دواتر بۆیان ئاشکرابوو، کەمامۆستا ئازادەکانیان لەژێر فشاری ژیانو پێویستییەکانیدا درۆیانکردووە، لەئایدیالیستی خۆیان پاشەکشەیان کردووە، ئەو ئایدیالیستییە رەهایەی لەلاوێتیدا خەونیان پێوەدەبینی، دواتر هیگڵو شیلنگ لەسەر هەقیقەت سازشیان دەکرد، تاکو بتوانن بگەنە پلەی زانکۆییو رێگای ژیان بۆ خۆیان بکەنەوە، بەتەنیا هۆلدرلین بەدڵسۆزی لەسەر ئایدیالیستی یەکەم مایەوە، ئەوەبوو بەرەو رووی واقیعی تاك بووەو شێت بوو. شاعیری گەورەی ئەڵمانیا وێنای بارودۆخی قوتابییەکانی کردووە پێش ئەوەی بچنە کۆلێژی لاهوتو پاش ئەوەی بڕوانامە وەردەگرن، ئەم وێنایەی لەدیوانی (هیبیریون)دا باسیکردووە، وەك ئەوەی قسە بۆ خۆی بکات، دەڵێت:

خوێندکارانی منداڵی خواوەندی هونەر لەنێو گەلی ئەڵمانیدا گەورەدەبن، پڕن لەخۆشەویستیو ئومێد، رۆحیان تێدا دەگەڕێت، بەڵام پاش حەوت ساڵ کەدەیانبینییەوە دەبینین لەهەموو شوێنێك دالغەیان رۆیشتووەو بێ دەنگی لێیان ئاڵاوە، وەك زەمهەریر ساردن، وەك سێبەر یان تارمایی وان، ئەوان وەك ئەو خاکە وان کەدووژمن خوێی پێداکردووە، تاکو هیچ گەنجێکی تێدا نەروێت[6].

هیگڵ وەك هۆلدرین خۆی لەدەست ئێستای ئەڵمانیای جارس رزگارکردو گەڕایەوە بۆ لای گریکی ئاڵتون، بۆ لای چاخی ئاڵتونی گریك، هەوڵیدا هاوسەنگی لەنێوان مەسیحیەت لەپاکیو بێتاوانیدا ئەسڵیدا بکات، لەگەڵ رۆشنبیری یۆنانی شیعری یان فەلسەفیدا، لەواقیعدا، وابەستەبوون بەرۆشنبیری بت پەرستانەی ئازادەوە ئەو فشارەی دۆگمای ئایینی ئەو سەردەمە لەسەری دانابوون، لادەبات، بەڵام لەیەککاتدا تێکەڵاوێکی مەسیحیو بتپەرستانەیان بەرهەمهێنا، ئاسانەبوو ئەو هاوسەنگی دروست بکەین، هەندێکجار لای ئەمان مەسیحیەت باڵادەست دەبوو، هەندێکجار رۆشنبیری بتپەرستانەی گریك سەردەکەوت، هەندێکجار لەهەمان لاپەڕەدا لای هیگڵ هەمان تێکەڵاوی مۆلەق دەبینین، ئاسان نییە خۆت لەڕەگەوە هەڵکێشیتو مەسەلەکان بنەبڕبکەیت، لەوانەیە ئەمیان خواستراو نەبووبێت.

زۆرجار لەکۆلێژی لاهوت هیگلیان ئاشکرا دەکرد، کەبەدزییەوە کتێبەکانی لیسنگ یان ژان ژاك رۆسۆ یان مۆنتسکۆ یان کانتی دەخوێندەوە، ئەو کات کانت هێشتا لەژیاندا بووە، شکۆی گەورەی فکری ئەڵمانی بوو، هیگڵ بەپەرۆشەوە چاوەڕێی دەرچوونی کتێبێکی تازەی هیگڵی دەکرد، کاتێك کتێبی (ئایین بەتەنیا لەسنووری ئەقڵ) دا بڵاوکردەوە، هیگڵ زۆر خۆشحاڵ بوو، ئەم ناونیشانە لای تەقلیدییەکان وەك شۆڕشێك یان ئابڕوچوونێك وابوو؟ چۆن دەکرێت بەناوی ئەقڵەوە سنورێك بۆ ئایین دابنێین؟! ئایا ئایین لەسەروو هەموو شتێکەوە نییە، بەئەقڵیشەوە؟ بەڵام کانت دەیویست دنیش بەئەقڵانی بکات، لەبەرئەوە جێگەی مەترسیبوو کەسێك ئەم کتێبە بخوێنێتەوە، بەتایەتی لەکۆلێژی ئایین (یان کۆلێژی لاهوت)، بەڵام هیگڵ لەمەعریفە دەگەیشت، ئامادەبوو لەپێناو تێگەیشتن لەشتێك ئەو مەترسییە بداتە بەرخۆی، دواتر دەستیکرد بەلێکۆڵینەوەی بوێرانە لەبواری ئاییندا، کتێبێکی لەسەر ژیانی مەسیح نووسی، هەروەها کتێبێکی تریش، بەڵام نەیدەوێرا بڵاوی بکاتەوە، تا لەژیاندا بوو، بەدەستنووسی مانەوە، ئەگەرچی وازی لەڕەنگکردنی ئایینی نووسینەکانی نەهێنا، ئەو پشتی بەتێڕوانینی سۆسیۆلۆژی بەست، لانی کەم مێژوویی، تاکو مەرجە بابەتییەکانی تازەکردنەوەی مەسیحیەت تاقیبکاتەوە، دوائامانجی ئەوەیە بگاتە مەسیحیەتێکی قوڵ چاککراو، یان ئەو پاکژییە رەسەنەی هەیبووە، دەستیبکەوێتەوە، خۆی لەکەڵەکەبوونی زەمەنو خڵتەی سەدەکان رزگاربکات، دەیویست بگاتە شێوازێکی نوێ بۆ ئایین. شێوازێك بتوانێت پاڵپشتی دەوڵەت بێتو سۆزی مەدەنیەتو نیشتمانی کارابکات، ئاکاری کۆمەڵایەتی بەتاکەکان ببەخشێت، پاشان شۆڕشی فەرەنسی هەڵگیرسا، ئەوکات هیگڵ تەمەنی لەنۆزدە ساڵ تێپەڕی نەدەکرد، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەردانا، نەك هەر ئەم، بەڵکو لەسەر هەموو هاوڕێکانی لەکۆلێژی لاهوت لەزانکۆی توبنجین.

رووداوێکی دەگمەن بوو، بووەهۆی گۆڕانکاری لەهەموو ئەوروپا، نەك تەنیا فەرەنسا دڵی هیگڵو هولدرلینو شیلنگ لەگەڵ رووداوەکانی شۆڕشدا لێیدەدا، کاتێك پاریسییەکان هێرشیان کردە سەر زیندانی باستیلی تۆقێنەرو تێکیانشکاند، چاودێرە ئەڵمانییەکان بڕوایان بەچاوی خۆیان نەدەکرد، کەڕووداوێکی وا موعجیزەیان نەدەکرد، بەڵام ئەو موعجیزەیە بەڕاستی روویدا، بای ئازادی بەسەر ئەوروپادا هەڵیکرد، هیگڵو هاوڕێکانی دەستیانکرد بەچاندنی داری ئازادی، ئەویش وەك هەماهەنگی لەگەڵ ئەو شۆڕشە، کەڕێڕەوی مێژووی گۆڕی، ئەم شۆڕشە ئومێدی فراوانی لای بیریارەکانی ئەڵمانیا دروستکرد، بەو ئومێدە بوون ئەم بیرکردنەوە ئازادیخوازانە بەسەر ئەوانیشدا رەنگبداتەوە، خرۆشانی هیگڵ تادوای چل ساڵ لەشۆڕشەکە نەوی نەبووەوە، وەك خۆری رووناك پرشنگی دەدا، هەموو ئەقڵە خاوەن بیرکردنەوەکان پێشوازییان لێکرد، هەستێکی شکۆدار لەو کاتەدا باڵی بەسەر هەمواندا کێشا، خرۆشانی رۆح لەو کاتەدا وایکرد لەترساندا بلەرزن، ئەمە لەو کاتەدا روویدا، وەك لەو کاتەی گەیشتبینە ئاشتبوونەوەیەکی راستەقینە لەگەڵ خواو جیهاندا[7].

هەڵوێستی کانت دەست خۆشکەرانەبو، ئەگەرچی زۆر بەداخ بوو لەو هەڵوێستە توندوتیژو دڕندانەی شۆڕشگێڕەکان نواندیان، بەتایبەتی لەقۆناغی دووەمی شۆڕشەکەدا وتی: ئەو ئەو خرۆشانەی لەگەڵماندا بوو، ئەو ئومێدەی پێمان هەبوو، لەخودی شۆڕشەکە کەمتر نەبوو، سەلماندی کەرەگەزی مرۆیی خوازیاری پێشکەوتنە، ئامادەیی ئاکاری تێدایە نرخی ئازادی بدات، بەڵام هیگڵ لەلای خۆیەوە جەختی لەو چاکەخوازییە کۆنانە کرد، کەسەرکوتگەری لەناو بردبوو، مەبەستی لەو چاکەکارییانە، نەزاهەتی کەسایەتی، فەنابوون و نکۆڵیکردن لەخود.. ئازایەتی و قبوڵکردنی مردن بەخۆشحاڵییەوە، هیگڵ و هاوڕێکانی ئەو بەها تازانەی شۆڕش هەڵیانگرتبوو، شکۆکرد، واتە بەهای ئازادی و یەکسانی و برایەتی، بەڵام ئەو شتەی لەشۆڕشگێڕی فەرەنسییەکاندا سەرسامی کردبوون ئەوەبوو، ئامادەبوون خۆیان لەپێناو ئەو بەهایانەدا بەختبکەن، بەم شێوەیە دروشمی ئازادی یان مەرگیان بەرزکردەوە، پاشان ئازادی لەبواری مردنەوە، بەئازادی بمریت، چاکترە لەوەی بەکۆیلەیی و ترسنۆکی بژین، لەڕاستیدا لەگەڵ ئەم سەرسامییەیان بەشۆڕشی فەرەنسی هەندێك شتی ئایدۆلۆژیای مەسیحی تەقلیدییان تێدامابوو، ئەمانە لەپێناو ئایدیالی باڵادا، جیهانیان قێزەون دەکردو زوهدیان بەخێراتەکەیەوە دەکرد، مەسیح نەیگوتبوو: مەملەکەتی من لەم جیهانەدا نییە؟ چوونەناو سوپای کۆمارییەوە، بەڕۆح جەستەخۆیان بۆ ئەو بیرە گەردوونییە تەرخانبکەن، تاکو ئازادی و شادمانی لەسەرزەوی بەدەستبهێنن، لەگۆڕەپانی جەنگدا بەملیۆنەها قوربانیان بەخۆیان دەدات، تاکو بارو منداڵ و نەوەکانی داهاتوو شادمانبکەن، هۆلدرلین باس لەو سۆزە هاوبەشە دەکات و لەدرێژایی هیلی شۆڕش شکۆی دەکات، هیگڵیش هەمان شتی کرد، بەڵام کەمتر شاعیرانەو زۆرتر پەخشانانەو، شۆڕش گەلی فێرکرد خودی خۆی بەدەستبهێنێت، بەخۆی وشیاربێت، شۆڕش ئەو ئامادەگییە ئاکارییە سەرەکییەی لای مرۆڤ شارەوابووو نوێکردەوەو ژیانییەوە، ئەمیان هۆلدرلین بە(خواوەندی) یان ئاسمانی تێیاندا، گوزارشتی دەکات، بەڵام ئەو شتە گرنگەی هیگڵ ئاماژەی پێداو زەین روونی ئەو دەردەخەن، ئەوەیە کەلەئەوروپادا دوو شۆڕشی هاوتەریب روودەدەن نەك یەك شۆڕش، یەکەمیان ئەو شۆڕشە سیاسییەی فەرەنسایە، دووەمیان لەیەکەمیان کەم گرنگتر نییەو ئەویش ئەو بازدانە فەلسەفییە کەلەسەردەستی کانت لەئەڵمانیادا روویداوە، ئەمڕۆکە فەلسەفەی کانت بەشێوەیەکی هێمن و ئارام دەردەکەوێت، کەمیانڕەوەو ئازاری کەس نادات، بەڵام لەکاتی خۆیدا وەك بۆمبێکی تەوقیتکراو تەقییەوەو هەموو هاوچەرخەکانی سەرسام کرد، پێویستە ئەو وشەی شۆڕشەمان بیرنەچێت، کەهیچ کات هێندەی ئەو پێشەکییەی دووەمی بۆ کتێبە بەناوبانگەکەی: رەخنە لەئەقڵی پوختدا، بەکاریهێنا لەساڵی 1787، واتە بەر لەزیاتر لە200 ساڵ لەمەوبەر نووسراوە.

ئەمەش مانای وایە شۆڕشی فەلسەفی کانتی، بەزەمەنێکی کەم پێش شۆڕشی سیاسیی فەرەنسی کەوت، پاش هەڵگیرسانی شۆڕش، فەلسەفەی کانت هەموو گرنگی و رەهەندە مێژووییەکانی خۆی وەرگرت، بەڵام وەك بارقورسییەکی واقیع و پێشکەوتن لەکات بووە، لێرەدا مەزنی فکر خۆی حەشارداوە، بەتایبەتی ئەگەر لەقەبارەی فەلسەفەی کانت وابێت، کانت فەلسەفەی وەك هێرشێکی بیری نوێ دەزانی، وەك دابڕانێك لەوانەی پێش خۆی وابوو، بەوشەیەك دەڵێت فەلسەفەی رەخنەیی لەهەموو فەلسەفەکانی پێش خۆی جیاوازترە، دەتوانین بڵێین بەمانایەك لەماناکان پێش فەلسەفەی رەخنەیی هیچ فەلسەفەیەکیتر بوونی نەبووە[8].

لەو کاتەدا فەرەنسییەکان واخۆیان دادەنا، کەبەشێوەیەکی رادیکاڵانە خۆیان لەگەڵ رابردوویاندا دابڕیوە، ئەوە لەناو نادیاردا سەرکێشی دەکەن، یان خۆیان هەڵدەدەنە ناو نادیارەوە، کانت لەگەڵ لاهوتی تەقلیدی و ئەو فەلسەفەی لەناو ئایینەدا نوقم ببوو دابڕانی دروستکرد، بۆ نموونە ئەوەی رەتکردەوە کەبەشێوەیەکی ئەقڵانی بەڵگە بۆ راستی عەقیدەی سەرەکی مەسیحیەت بهێنێتەوە، لەبەرئەوە هاوچەرخەکانی تۆقاند، وادەهاتە بەرچاو کەتێکشکێنەوەو رەحم بەکەس ناکات، وەك بلدۆزەر دەڕوات شتەکانی پێش خۆی دەشێلێت، لەبواری میتافیزیکدا وتی: بێهودەیە بمانەوێت، بەڵگە بۆ هەر شتێك بهێنینەوە، کەلەدەرەوەی چوارچێوەی ئەقڵ بێت. لەبواری ئاکاردا وتی: مرۆڤ خاوەنی خۆیەتی، هەرخۆی ئاکاری گونجاو بۆ خۆی دادەڕێژێت، هەروەها وتی: خواوەند هیچ یاسایەکی ئاکاری بەسەر مرۆڤدا ناسەپێنێت، بەڵام تائەو کاتەی خۆیان ئەو یاسایانە بەسەر خۆیاندا دەسەپێنن، ئەو ئەگەری باوەڕبەبوونی خوا هەردەمێنێت.

پرۆفیسۆر جاك دوندت دەربارەی ئەو قسەیە دەڵێت: ئەم قسانەی کانت پیاوانی ئایینی لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا تووشی شۆك ناکەن، وەك ئەوەی زیاتریشیان بیستووە!.. بەڵام پلەی ئاسانکاری کەرۆشنگەری ئەڵمانی هەرچەندێك بێت، بیروڕاکانی کانت بۆ هاوچەرخەکانی، بەتایبەتی خوێندکارانی لاهوت وەك بومەلەرزە وابوو، لەبەرئەم هۆیە هیگڵ زیاتر لەوانیتر هەستی بەگرنگی فەلسەفەی کانت کردووە، بەبڕەرێکی قوڵی نێوان شۆڕشی سیاسیی فەرەنسی و شۆڕشی فەلسەفی کانتی دادەنێت، دەڵێت هەردوو شۆڕشەکە بەهەمان ژیان و ژیانەوەوە سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، ئەو ژیانەوەیەی رۆحی جیهانی بەخۆیەوە بینی، بۆ زیاتر روونکردنەوە پەیوەندی نێوان شۆڕش لەسەر ئاستی فکرو لەسەر ئاستی واقیع، دەڵێت:

ئەمێستا سێ فەلسەفە هەیە، فەلسەفەی کانت، فەلسەفەی فیختە، فەلسەفەی شیلنگ، لەم سێ فەلسەفەیەدا ئەو شۆڕشە بەرجەستە ببوو، کەرۆحی ئەڵمانیای لەم ساڵانەی دوایدا بەرجەستە کردبوو، لەدوا بەیەکیاندا بواری زنجیرییەمان بینی لەفکر وەریگرتووە، دوو گەل بەشدارییان لەدروستکردنی ئەو تافە گەورەیەدا کرد، کەئێستا لەمێژووی جیهانیدا تێیدا دەژین، ئەو دوو گەلەش، گەلی ئەڵمانی و گەلی فەرەنسییە، لەئەڵمانیدا شۆڕش لەئاستی فکردا بەرجەستە بوو، لەرۆح و چەمکدا، لەفەرەنسا لەواقیعی ژیاندا بەرجەستە بوو[10].

کار گەیشتە ئەوەی هیگڵ ئەو بڕوایەی لادروست بێت، کەشۆڕشی فکری کانت لەئەڵمانیا دەبێتەهۆی شۆڕشی سیاسیی، بۆ؟ چونکە بەپێی تێڕوانینی ئەو, فکر جیهان بەڕێوەدەبات، هەروەها شۆڕشی ئەڵمانی زۆر لەشۆڕشی فەرەنسی چاکتردەبێت، چونکە پێشتر پاککردنەوەی ئاکاری بۆ کراوە.

**پەراوێزەکان:**

(6)دیوانی (هیبریون)ی هۆلدرلین, کەلەکۆی بەرهەمەکانی چاپی (لابلیاد ) پاریس وەرگیراوە، چاپی 1976، ل269.

(7)کتێبی: وانەکان سەبارەت بەفەلسەفەی مێژوو، لەنووسینی هیگڵ, پاریس، چاپکراوەکانی سەدە، 1963، ل340.

Negel; Leconc sur la philosophiques le pleiade, 3, paris, vrin, 1986.

(8)کارە فەلسەفییەکانی کانت, بڵاوکراوەکانی لابلیارد، بەشی سێهەم، 1986، ل451-452.

Kant: Ocuvres philosophiques, la pleiade, 3, 1986, paris.

(9) کتێبی جاك دوندت, کەسەبارەت بەهیگڵ تازە لەپاریس بڵاوکراوەتەوە، ل65.

Jacques D’ Hondt: Hegel. Calmann-leve, paris, 1998.

(10)هیگڵ، وانەکانی سەبارەت بەمێژووی فەلسەفە، بڵاوکراوەکانی فران، پاریس، بەشی حەوت، 1991، ل1827.

**سەرچاوە:**

لەئینتەرنێتەوە وەرگیراوە.